بۆ / بەڕێز وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
بابەت / بەرەو 2011

ڕێکخراوی کۆمەک ئەزموونی چەند ساڵەی خۆی کۆ دەکاتەوە، چارەسەری 2 کێشەی سەرەکیی فێرکاریی دەخاتە بەردەست ئێوەی بەڕێز:

1) کۆ کردنەوەی فێرگەی پەرتەوازە
2) دیاری کردنی ساڵنامەی خوێندن

ڕوون کردنەوە:

1) کۆ کردنەوەی فێرگەی پەرتەوازە

- ئەمڕۆ سیاسەتێک پیادە دەکرێت بریتییە لە دابین کردنی فێرگە بۆ زۆربەی گوندەکان. ئەنجامەکەی زۆربوونی فێرگەی پەرتەوازەی ناپوختەیە.
- کۆ کردنەوەی فێرگەی پەرتوبڵاو لە فێرگەی ڕێکوپێک و پوختەدا چەندین کێشە چارەسەر دەکات، وەک:
  - کێشەی دابین کردنی مامۆستا
  - کێشەی سەنگەلابوونی ژمارەی فێرخواز و مامۆستا لە زۆر فێرگەدا
  - پەرتبوونی هێز و توانای میللی: فێرخواز، مامۆستا، پاسەوان، وزە، ئاو، ئاوەڕۆ، ڕێگەوبان، کتێبخانە... هتد
- پێداویستیی گرینگ: دابین کردنی خەرجیی گواستنەوەیە. کڕینی پاس یان بەکرێ گرتنی ئۆتۆمبیل و شۆفێرە لە گوندەکان.

www.komak.nu asos.shafeek@gmail.com Phone: 00964-(0)750 436 85 83

2) دیاری کردنی ساڵنامەی خوێندن

- ساڵنامەی خوێندن بە وردی دیاریکراو نییە
- بە کردەوە زۆر جار خوێندن دەگاتە 20 هەفتە، هەفتەی 6 ڕۆژ، ڕۆژی ئەوپەڕی 4 سەعات. کۆی گشتی دەکاتە 120 ڕۆژ و 480 سەعات.
- پێشنیازی ئێمە: ساڵی 40 هەفتە، هەفتەی پێنج ڕۆژ، ڕۆژی 6 سەعات، کۆی گشتی دەکاتە، ساڵی 200 ڕۆژ و 1200 سەعات. هەم زیاد کردنی سەعاتە، هەم پشووی هەفتانە کە سوودی هەموانی تێدایە.
- پێداویستیی گرینگ: دابین کردنی «مزە» ی مامۆستایان بەرانبەر سەعاتی کاری زیادە.

ڕێکخراوی «کۆمەک» بۆ گەیشتن بە دید و ڕای هاوکۆ لەم بوارەدا، پێشکات ئەم پێشنیازانەی لەگەڵ چەندین لایەنی پەیوەندیداردا خستۆتە بەر ڕاوێژ و گفتوگۆ، بۆ نموونە: مامۆستا، بەڕێوەبەری فێرگە، بەڕێوەبەری پەروەردە، سەرپەرشتیار و تەنانەت کارەوانی وەک بەڕێوەبەری ناحیە و قایمقام. بەر لە هەموشیان «لیژنەی هاوئاهەنگیی کۆمەک».

ئەمڕۆ بەگشتی دەرک و سەلماندنی هەمەلایەنە بۆ کێشە و چارەسەریان پێک هاتوە و چاوەڕێی فەرمانی ئێوەی بەڕێزن.

«کۆمەک»
هەولێر – کوردستان
2010-4/7